# پێویستە لەسەر مسوڵمان گوێڕایەڵ بێت وفەرمانەکان جێبەجێبکات لە هەرشتێک پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، مەگەر فەرمانی پێبکرێت بە ئەنجامدانی تاوانێک؛ ئەگەر فەرمانی پێکرا بە ئەنجامدانی تاوانێک ئەوا نابێت گوێڕایەڵ بێت ونابێت فەرمانەکە جێبەجێبکات

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێویستە لەسەر مسوڵمان گوێڕایەڵ بێت وفەرمانەکان جێبەجێبکات لە هەرشتێک پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، مەگەر فەرمانی پێبکرێت بە ئەنجامدانی تاوانێک؛ ئەگەر فەرمانی پێکرا بە ئەنجامدانی تاوانێک ئەوا نابێت گوێڕایەڵ بێت ونابێت فەرمانەکە جێبەجێبکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی واجب بوونی گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەسەڵاتداری تێدایە، جا ئەگەر فەرمانەکە لەوانە بێت بە لامانەوە ڕەوایە یان بە لامانەوە ناڕەحەتە ورەوا نییە، مەگەر فەرمان بکات بە تاوان وگوناهێک ئەوا لەم حاڵەتەدا نابێت گوێڕایەڵی بکرێت ونابێت فەرمانەکانی جێبەجێ بکرێت تەنها لەم تاوانەدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6370

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee